

# تۆڵەستاندنەوەی ڕێنیشاندەری هەنگوین

# Honungsguidens hämnd

- Zulu folktale
- Wiehan de Jager
- Agri Afshin
- kurdiska (sorani) / svenska
- nivå 4



ئەم چیرۆکە باس لە، نگێدە، باڵندەی ڕێنیشاندەری هەنگوین، و پیاوێکی چاوچنۆك دەکات بە ناوی گینگیلە. جارێکیان کە گینگیلە چووبووە دەرەوە بۆ ڕاو کردن، گوێی لە دەنگی نگێدە بوو کە بانگی دەکرد. گینگیلە کاتێ بیری لە هەنگوین دەکردەوە دەمی ئاوی کرد. ئەو ڕاوەستا و بە سەرنجەوە گوێی ڕاگرت و ئەوەندە گەڕا تا باڵندەکەی لەسەر لقی دارێك لەسەر سەریەوە دیتەوە. جیك، جیك، جیك، باڵندە بچکۆڵەکە دەیجریواند، کاتێك لە سەر ئەم دار بۆ ئەو دار دەفڕی. بە جیك، جیك، جیك، بانگی دەکرد و ناوە، ناو ڕادەوەستا بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە کە گینگیلە بە دوایدا دێت

• • •

Det här är historien om Ngede, honungsguiden, och en girig ung man som hette Gingile. En dag medan Gingile var ute och jagade hörde han Ngedes läte. Det började vattnas i Gingiles mun när han tänkte på honung. Han stannade och lyssnade noga och sökte tills han såg fågeln högt bland grenarna ovanför honom. ”Schitik-schitik-schitik”, kvittrade den lilla fågeln medan han flög till nästa träd och sedan nästa igen. ”Schitik-schitik-schitik”, ropade han, medan han stannade upp då och då, för att vara säker på att Gingile följde efter honom.



دوای نیو کاتژمێر، ئەوان گەیشتنە لای دارهەنجیرێکی خۆڕسکی گەورە. نگێدە زۆر سەرشێتانە لەسەر لقەکانی دارەکە دەفڕی. دواتر لەسەر لقێک گیرسایەوە و سەری بۆ لای گینگیلە سوڕاند و وەك ئەوەی پێی بڵێ: “ئەوەتا! ئێستا وەرە ئێرە! بۆچی هێندەت پێچوو؟” گینگیلە هیچ مێشهەنگوینێکی لە خوارەوەی دارەکە نەبینی، بەڵام باوەڕی بە نگێدە کرد.

• • •

Efter en halvtimme kom de fram till ett stort vilt fikonträd. Ngede hoppade exalterat runt bland grenarna. Han satte sig sedan på en gren och lade huvudet på sned som för att säga: ”Här är det! Varför tar det så lång tid för dig att komma hit?” Gingile kunde inte se några bin under trädet men han litade på Ngede.



دوایی گینگیلە ڕمەکەی لە لە ژێر دارەکە داناو هێندێک چیلکەی وشکی کۆ کردەوە و ئاگرێکی بچووکی کردەوە. کاتێ ئاگرەکە خۆش بوو، لقە دارێکی وشکی درێژی خستە ناوەندی ئاگرەکە. ئەو دارە بەوە ناسراو بوو کە لە کاتی سووتاندا دووکەڵی زۆر دەکات. ئەو سەرێکی لقە درێژەکەی بە ددانی گرت و بە دارەکەوە هەڵگەڕا.

• • •

Så Gingile lade ner sitt jaktspjut under trädet, samlade ihop några torra kvistar och gjorde en liten brasa. När elden brann väl stack han en lång pinne i mitten av brasan. Den här typen av ved var speciellt känd för att skapa mycket rök medan den brann. Han började klättra samtidigt som han höll den kalla änden av pinnen mellan sina tänder.



خەریک بوو گوێ بیستی دەنگی ویزە ویزی مێشهەنگوینەکانی بێت. ئەوان لە کونێکەوە لە قەدی دارەکەوە دەهاتنە دەرەوەو دەچوونەوە ژووری شانەکەیان. کاتێ گینگیلە گەیشتە سەر شانە هەنگوینەکە، دارە دووکەڵاویەکەی خستە ناو شانەکە. بە سەرە سووتاوەکە،مێشەکان زۆر توورە بوون وهاتنە دەرەوە و پەلاماریان دا. ئەوان پێش ئەوەی لە ترسی دووکەڵکە ڕا بکەن، بە گینگیلەیان وەدا و ئازارێکی زۆریان پێگەگیاند.

• • •

Snart kunde han höra det högljudda surrandet av arbetande bin. De flög in och ut ur en hålighet i trädstammen. När Gingile kom fram till binas bo stack han in den rykande änden av pinnen i hålet. Bina kom snabbt flygande ut, arga och elaka. De flög iväg eftersom de inte gillar rök, men inte förrän de hade givit Gingile några smärtsamma stick!



کاتێک مێشهەنگوینەکان چوونە دەرەوە، گینگیلە دەستی خستە ناو شانە هەنگوینەکە. ئەو شانەیەکی گەورەی هەنگوین کە شیلەی لێ دەتکا و پڕ بوو لە مێشهەنگوینی بچووك، هێنایە دەرێ. ئەو زۆر بە ئەسپایی شانەکەی خستە ناو توورەکەکەی سەر شانی. دواتر لە دارەکە هاتە خوارەوە.

• • •

När bina var borta tryckte Gingile in sina händer i boet. Han tog ut fulla nävar av tung honungskaka, som droppade av rik honung och som var full av feta, vita larver. Han lade ner honungskakan i sin säck som han bar över axeln och började att klättra ner för trädet.



نگێدە زۆر بە تامەزرۆییەوە سەیری کارەکانی گینگیلەی دەکرد. ئەو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە گینگیلە پارچەیەک هەنگوینی گەورە وەکو پاداش بداتە ڕێنیشاندەری هەنگوین. نگێدە بەخێرایی لەم لق بۆ ئەو لق دەفڕی، و وردە وردە لەسەر عەرزەکە نیشتەوە. لە کۆتاییدا گینگیلە لە دارەکە هاتە خوارێ. نگێدە لەسەر بەردێکی گەورە لە نزیك کوڕەکە چاوەڕێی پاداشتەکەی کرد.

• • •

Ngede tittade på allt som Gingile gjorde. Han förväntade sig att Gingile skulle ge honom en stor bit med honungskaka som tack till honungsguiden. Ngede flög från gren till gren, närmare och närmare marken. Till slut kom Gingile ner på marken. Ngede satte sig på en sten nära pojken och väntade på sin belöning.



بەڵام گینگیلە ئاگرەکەی کووژاندەوە، ڕمەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵ وەڕێکەوت و هیچ گوێی نەدا نگێدە. نگێدە بە تووڕەییەوە هاواری کرد: “سەرکەوتن، سەرکەوتن” گینگیلە راوەستا و چاوی لە باڵندەکە کرد و پێکەنی: “تۆ کەمێك هەنگوینت دەوێ هاوڕێی من؟ وانیە! بەڵام من بۆ خۆم هەموو کارەکانم کرد و مێشهەنگوینەکانیش ئەو هەمووەیان پێوە دام. بۆ دەبێ ئەم هەنگوینە بەتامە لەگەڵ تۆدا بەش بکەم؟” نگێدە زۆر تووڕە بوو! ئەمە هەڵسوکەوتێکی باش نەبوو کە لەگەڵ ئەوی کردا! بەڵام نگێدە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

• • •

Men Gingile släckte elden och började gå hemåt samtidigt som han ignorerade fågeln. Ngede ropade argt ut: ”SEG-err! SEG-err!” Gingile stannade, stirrade på den lilla fågeln och började skratta högt. ”Vill du kanske ha lite honung, min vän? Ha, men jag gjorde allt arbete och fick ta emot alla sticken. Varför skulle jag dela något av den här underbara honungen med dig?” Därefter gick han sin väg. Ngede var rasande! Detta var inte rätt sätt att behandla honom på! Men han skulle nog få sin hämnd.



پاش چەند هەفتەیەک، ڕۆژێکیان، دووبارە گینگیلە گوێی لە دەنگی نگێدە بوو کە بانگی دەکرد. ئەو هەنگوینە بەتامەکەی بە بیر هاتەوە و جارێکی دیکە بە خۆشحاڵییەوە شوێن باڵندەکە کەوت. نگێدە بە درێژایی دارستانەکە ڕێگەی بە گینگیلە نیشان دەدا، تا ئەوەی بۆ پشوودان لەسەر دارێکی گەورەی “ئاکاسیا” نیشتەوە. گینگیلە بیری کردەوە، “ئەها”، شانە هەنگوینەکە دەبێ لە ناو ئەدارە دابێ ئەو بە خێرایی ئاگرێکی بچووکی کردەوە و چۆ سەردارەکە، لقە دارە دووکەڵاویەکەشی بە ددانی گرتبوو. نگێداش هەڵنیشت بوو و چاوڕێی دەرکرد.

• • •

En dag, flera veckor senare, hörde Gingile honungsropet från Ngede igen. Han kom ihåg den utsökta honungen och började ivrigt följa efter fågeln igen. Efter att ha lett Gingile längs kanten av skogen stannade Ngede för att vila i ett stort akacia-träd. Ah, tänkte Gingile. Bina måste vara i det här trädet. Han tände snabbt en eld och började klättra upp med en rykande pinne mellan tänderna. Ngede satt och tittade.



گینگیله بەسەر کەوت، پێی سەیر بوو کە بۆچی هیچ دەنگی وزە وزی مێشەکان نایەت. لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە، “لەوانەیە شانە هەنگوینەکە لەناو قوڵایی قەدی دارەکە بێت.” ئەو بەسەر کەوت بۆ سەر لقێکی دیکە، بەڵام لە جیاتی شانەی مێشهەنگ، دەموچاوی پڵینگێکی بینی! پڵینگەکە زۆر توورە بوو، لە بەر ئەوەی لە ناکاو لە خەویان هەستاند. چاوەکانی نوقاندن و زاری کردەوە، بۆ ئەوەی ددانە زۆر درێژ و تیژەکانی نیشان دات.

• • •

Gingile klättrade men undrade varför han inte hörde det sedvanliga surrandet. Kanske bina finns djupt inne i trädet, tänkte han för sig själv. Han drog sig upp till en annan gren. Men istället för ett bo med bin stirrade han rakt in i ögonen på en leopard! Leoparden blev mycket arg över att ha fått sin sömn avbruten på ett så oartigt sätt. Hennes ögon smalnade och hon öppnade sitt gap för att visa sina mycket stora och mycket skarpa tänder.



بەر لەوەی پڵینگەکە زیان بە گینگیلە بگەیەنێ، ئەو بە خێرای رای کرد و لەسەر
دارەکە هاتە خوارەوە. لەبەر پەلە کردن لە سەر لقی دارەکە پێی خزی و بە توندی
کەوتە خوارێ و گوێزینگی پێی لە جێ چوو. بە هەموو توانایەوە بە شەلە شەل
بۆی دەرچوو. بەختی باشی هەبوو کە، پڵینگەکە زۆر خەواڵو بوو، بۆیە شوێنی
نەکەوت. نگێدە، ڕێنیشاندەری هەنگوین، تۆڵەی خۆی کردەوە. گینگیلەش
وانەیەکی چاکی وەرگرت.

• • •

Innan leoparden kunde svinga sina klor mot Gingile klättrade han snabbt ner från trädet. I brådskan missade han en gren, landade med ett stort brak på marken och stukade sin fot. Han haltade iväg så fort han kunde. Som tur var för honom var leoparden fortfarande för sömnig för att jaga honom. Honungsguiden hade fått sin hämnd. Och Gingile hade fått sig en läxa.



لەبەر ئەوە، کاتێک منداڵەکانی گینگیلە گوێیان لە چیرۆکی نگێدە دەبێ زۆر ڕێز لەو باڵندە بچکۆڵە دەگرن. هەر کاتێ هەنگوین هەڵ دەگرنەوە، هەوڵ دەدەن زۆرترین بەشی شانە هەنگوینەکە بدەن بە ڕێنیشاندەری هەنگوین.

• • •

Och på det sättet kom det sig att Gingiles barn känner stor respekt för den lilla fågeln Ngede när de hör historien om honom. När de skördar honung lämnar de numera alltid den största kakan till honungsguiden!

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## تۆڵەستاندنەوەی ڕێنیشاندەری هەنگوین

## Honungsguidens hämnd

Skriven av: Zulu folktale
Illustrerad av: Wiehan de Jager
Översatt av: Agri Afshin (ckb), Lena Normén-Younger (sv)

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på många språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 3.0 Internasjonal Lisens.